سەماحەتی حەکیم.. بەرنامەی بێ لایەنی و ناوەندگیری بەڵگەی بەهێزیی و توانای کۆکردنەوەی قسەکان و بەدی هێنانی سەقامگیری و هاوسەنگی هەیە

لە دیدارێکی بەڕێز عەممار حەکیم سەرۆکی ڕەوتی حیکمەی نیشتمانی لەگەڵ کۆمەڵێکی زۆر لە سەرکردەکانی ڕەوتی حیکمەی نیشتمانی لە فوراتی ناوەڕاست، بەڕێزیان ستایشی ئەو هەموو هەوڵە گەورانە و وورەی بەرزی کادیران و ڕۆڵەکانی ڕەوتی حیکمەی کرد بۆ خۆئامادەکاری بۆ ڕکابەری هەڵبژاردنەکانی داهاتوو، هەروەها دووپاتی کردەوە کە گرنگە کارکردن لەسەر بنەما و لە چوارچێوەی پرۆژەی ئیمامی خاوەن عەسر و زەمان بێت (ڕۆحمان فیدای بێت).

سەماحەتی ئاماژەی بەوە کرد کە ڕەوتی حیکمە لە دوایین هەڵبژاردن ڕووبەڕووی هاتوەتەوە، ڕوونیشی کردەوە کە پڕۆگرامی حیکمە گازگرتن لەسەر برینەکان بووە و بۆ پارستنی وڵات و ڕژێمی سیاسی و بە بەرژەوندی خەڵکەکە بووە.

سەماحەتی جەختی کردەوە لەسەر دەستگرتن بە پڕۆژەی ڕەوتی حیکمە بەو پێیەی کە پڕۆژەیەکی بێ لایەن و ناوەندگیرە، ڕوونیشی کردەوە کە ڕێگای بێ لایەنی سەختترین ڕێگایە نەك وەك ئەوەی هەندێك بە لاوازی لە قەڵەم دەدەن، دووپاتیشی کردەوە کە پەیوەندی بێ لایەنی و ناوەندگیری بە جەماوەر پەیوەندییەکی ڕێز و سەرنج ڕاکێشانە نەك پەیوەندی ترس و دڵەڕاوکێ، ئاماژەشی کرد کە پێوستە سەرنج بدەینە ڕۆڵی حیکمە لە کۆکردنەوەی قسەی خەڵك و بەردەوامی پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە و بنیاتنان و چارەسەری کێشەکان، هەروەها متمانەی خۆی بە لاوان و تواناکانیان دووپات کردوەتەوە، بۆ ئەوەی بتوانن کاروباری وڵات بەڕێوە بەرن.

سەماحەتی سەرکۆنەی کردە سەربازییە گێرەشێوانانەی ئیسرائیلی لە غەزە کرد، هەروەها ئەستەی ڕاگرتنی شەڕەکە و پاراستنی خەڵکی سڤیل و ڕاگرتنی قەسابخانەکان دژی ئافرەتان و منداڵانی خستە سەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و گوتیشی سەرکەوتن بۆ شەهیدان و قوربانییان دەبێت، داواشی کرد هەڵوەستە لەسەر گەڕێنەوەی دیلەکان بکرێت، بەتایبەتی ئەو مامەڵە مرۆڤانەی لە لایەن فەلەستینییەکان لەگەڵ [illegible] بەرامبەر کراوە بەپێچەوانەش مامەڵەی نامرۆڤانە لەلایەنی ئیسرائیلی بەدی کراوە.

لەکۆتاییدا سەماحەتی جەختی لەسەر ئامادەبوون لەگەڕەپان و کارکردن بۆ خزمەتی هاوڵاتیان کرد و ڕوونیشی کردەوە کە گرنگە جووڵە بکرێت لەسەر ئەوانە بکرێت کە بڕیاریان دیار نییە بۆ ئەوەی بە پرۆژەی حیکمە و بەرنامەکەی ڕازیان بکەین و پێی ڕابگەێنین کە وڵات پێویستی پێیان هەیە.